# ماڵەکان




دلاوەر قەرەداغی

ماڵەکان نوستوون
ماڵەکان دێنە خەونی یەکتر
ماڵەکان خزمی یەکدین
ماڵەکان هاوسێی یەکدین
ماڵەکان بە خیلیی بەیەک دەبەن
ماڵەکان جەژناوجەژن
بۆ لای یەکدی دەڕۆن
ماڵەکان قەرەباڵغن بە تەنیایی
ماڵەکان تەنیان بە عیشق

ماڵەکان هەریەکە و ژمارەی خۆی هەیە
هەریەکە و سەعاتی خۆی لە مەچەکدا و
هەریەکە و ناسنامەی خۆی لە گیرفاندا و
هەریەکە و نوشتەی نهێنیی خۆی بە یەخەوە و
هەریەکە و موبەق و ژووری میوان و
هەریەکە و پەنجەرە و
هەریەکە و زەنگ و
هەریەکە و بۆنی خۆی
ماڵەکان سیخناخن بە حەکایەت
تێیاندایە تا شەوێکی درەنگ لەسەر قەرەوێڵەکەی
ئەم دیوودیو دەکا
ماڵ هەیە تاسەی ماڵێکی دی
لەوپەڕی دونیا، دەکا

ماڵ هەیە ئاسوودەیە وەک گیا
ماڵ هەیە نامەیەکی هەیە و
سەد ساڵە گەرەکییەتی بینێرێ
ماڵ هەیە خەمگینە وەک ڕێحان
ماڵ هەیە خۆی پێچاوەتەوە و بە نیازە
بە بانیژە و پەردەکانییەوە
بگوێزێتەوە بۆ جێگایەکی دوور
ماڵ هەیە ئیماندار
ڕاکشاو لە ئێشکی کردنەوەی دەرگای بەخششی خودادا
ماڵ هەیە تاریک وەک کوفر
ماڵ هەیە ڕووناک وەک باخ

ماڵەکان هەریەکە و دڵێک لە لای چەپی چیمەنەکانیاندا
لێدەدا
هەریەکە و بۆ خۆی شتێکی هەیە لە بیرەوەریی
هەریەکە و بۆ خۆی شتێکی هەیە لە نهێنیی
هەریەکە و بۆ خۆی شتێکی هەیە لە پێکەنین
هەریەکەو بۆخۆی بستێک عەردی هەیە
هەریەکە و بۆ خۆی شتێک ئاسمانی لێدیارە
هەریەکە و لە ڕۆژی حیساب* دا
چنگێک ئەستێرەی
بەردەکەوێ

ماڵەکان باڵیان هەن
باڵی نهێنیی
گەر ئارەزوو بکەن
گەر زۆریان بۆ بێ
گەر ناچار بکرێن
لەناکاوێکڕا شتەکانیان لەنێو بانیژەکانیان دەنێن و
دەڕۆن

ماڵەکان زستانان دێنەوە یەک
هێندەی ڕیزێک گوڵدانی سپییان لێدەمێنێتەوە
لە حەژمەت سەرما
بەسەر یەکدیدا دەنووشتێنەوە
قژی یەکدی وشک دەکەنەوە
پشتی یەکدی دەشێلن
ئاگر بەشی یەکتر دەدەن
حەمام بۆ یەکتری دادەخەن
حەکایەت بۆ یەکدی دەگێڕنەوە
هالاو بە دەستی یەکتریدا دەکەن
ملپێچی خوریی
دەکەنە ملی یەکتر
پاڵتۆکانیان دەدەنە یەکتر
لێفەی گەرم بە یەکدیدا دەدەن
دڵنەوایی یەکدی دەکەن

ماڵەکان هەریەکە و خاوەن سەجەرەی خۆیەتی
هەریەکە و خاوەن بەیانیی خۆی و
هەریەکە  و خاوەن خودای خۆی
ماڵەکان لەوە بوونەتەوە لەسەر شتی گەورە
بیکەنە هەرا
نەک لەبەرئەوەی گوێیان لە شتە گەورەکان
خەواندبێ
بەڵکو لەبەرئەوەی پێیانوایە،
شتە گەورەکان ئیدی
جێگای بایەخپێدانێکی ئەوتۆ نین
ماڵەکان کێشەیان لەگەڵ شتە گچکەکاندا هەیە
لەگەڵ ئەو شتانەدا کە لە مایکرۆچرکەیەکدا
وەدیاردەکەون و
دیارنامێنن

ماڵەکان هەریەکە و ڕووبەرێکی داگیرکردووە

هەریەکە و ژوورێکی هەیە بۆ دانیشتن
هەریەکە و جانتایەکی گەورەی لەجێگایەکدا
داناوە بۆ سەفەر
هەریەکە و قەرەوێڵەیەکی لە خانەی پیراندا هەیە بۆ خەڵوەت
هەریەکە و ئەلبومێکی هەیە چۆڵ
هەریەکە و قسەیەکی پێیە دێرین
هەریەکە  و تەنیاییەکی هەیە بیکاتە خێر
هەریەکە و قەرەباڵغییەکی هەیە یاریی پێ بکا

ماڵەکان حەز دەکەن تەنیا بن
حەز دەکەن بە تەنیا ترومبێل بئاژوون
بە تەنیا گوێ لە هەواڵەکان بگرن
حەز دەکەن لە میترۆکاندا بە تەنیا دانیشن
بە تەنیا بچنە باخچەکانەوە و
بە تەنیا لە ئاوێنەدا لە خۆیان بنۆڕن

ماڵەکان هەر لەوێن
دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵانە
ماڵەکان هەوڵدەدەن گەنج بنوێنن
ماڵەکان قژیان بۆیە دەکەن
ماڵەکان پڕن لە ئاوێنە
ماڵەکان زۆر نایەنە بەر دەرگا
ماڵەکان بە چرپە دەدوێن
ماڵەکان پڕن لە شەو
ماڵەکان دێنە خەونی یەکتر
ماڵەکان خەون بە یەکترەوە دەبینن

ماڵەکان بانیژەیان هەن
فەزایەکیان هەن پڕە بەبەری چاوەڕوانیی
پڕە بە بەری خەیاڵی نیلۆفەر
هەندێ ئێواران

ماڵەکان خۆیان دەگۆڕن
قاچ دەنێنە سەر قاچ و
لە بانیژەکانیاندا دادەنیشن
خشتەکانی ڕۆژنامە حەل دەکەن
پرتەقاڵ دەخۆن
قاوە دەخۆنەوە
دەنگی یەکتری نابیستن
خەیاڵیان وا لە شوێنێکی تر

ماڵەکان هەریەکە و ڕازێکی هەیە لە دڵدا
هەریەکە و دۆعایەکی هەیە
هەریەکە و خاوەن خۆزگەیەکی مەحاڵ و
خاوەن نەزرێکی قەدەغە
بە چاونوقاندنەوە، بە ترسەوە، بە شەرمەوە
بە چپە .... بە خودای خۆیانی
دەڵێن
ماڵەکان لە تاریکیی دەترسن
هەندێ جار دڵیان وا لە مستیاندا
هەندێ جار هێند ناسک دەبنەوە
بە فڕینی چۆلەکەیەکیش ڕادەچڵەکن

ماڵەکان باڵیان هەن
باڵی نهێنیی
گەر ئارەزوو بکەن
گەر زۆریان بۆ بێ
گەر ناچار ببن
لەناکاوێکڕا مناڵەکانیان لەنێو بانیژەکانیان دەنێن و
دەفڕن!

پاییزی 2005

* ڕۆژی حیساب: ڕۆژی قیامەت